# چۆڵ بوونی گوندەکان لە ئەستۆی کێ یە؟؟؟

"لە هەفتەنامەی هەواڵ ژمارە (196)ی بەرواری 2006/9/2 بلاّو بووەتەوە"

## عومەر جەلال _ چەمچەماڵ

هیچ گومانێکی تێدا نیە کە درووستبوون و هەڵگیرسانی شۆڕش و بەرخۆدان لە گوندەکانی کوردستانەوە دەستی پێکرد ,هەموو حیزبەکان بنکە و بارەگایان لەنزیك گوندەکان بوو ,هەردەم خەڵکی گوندنشینەکان یارمەتی پێشمەرگەیان داوە کە ڕۆژانێك بوو خەباتی چەکداری لە گوندەکانەوە دەستی پێکردوو هەنووکە بەم ئازادیە گەیشتوون.بۆیە دەسەلاّت هەمیشە قەرزاری گوندەکان بووە بەلاّم ئەگەر لە پاش ڕاپەڕینەوە تەماشای ئەو گوندانە بکەین کە لە وێرانەیەکەوە سەرلەنوێ هەندێکی ئاوەدانکراوەتەوە,ئەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە دەسەلاّت بە بێ کەمتەرخەمی یارمەتی گوندەکانی داوە ,بەلاّم بەشێوەیەکی بێ بەرنامەیی و بێ پلانی بووە, ساڵ بە ساڵ گوندنشینەکان هەوڵی کۆچکردنیان داوە بۆ شارو شارۆچکەکان کە ئەمەش کاریگەریەکی نێگەتیڤی زۆری کردووە لە سەر باری ئابووری و ژیانی خەڵك کەئەمەش بەچەند فاکتەرێك ڕوونی دەکەینەوە:

پلانی حکومەت:

نەبوونی پلان بەشێوازێکی هاوسەنگ بۆ یارمەتی دانی هەموو گوندەکان بەبێ جیاوازی ئەمەش وای لە زۆری گوندەکان کرد روو لەچۆڵ بوون بکەن, یارمەتی دانی بواری کشتوکاڵ و درووست کردنی پرۆژەی ئاو و گەیاندنی تەزووی کارەبا بۆ گوندە دوورەکان هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ مانەوەی گوندنشینەکان ,هەرچەندە لەلایەن چەند رێکخراوێکەوە یارمەتی گوندەکان درا بەلاّم لەم ساڵانەی دواییدا بەتەواوەتی یارمەتی ڕێکخراوەکان نەما کەئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان,کەم تەرخەمی وەزارەتەکان و بێ پلانی وای کردووە کە زۆرینەی گوندنشینەکان بەیەك جاری ماڵئاوای لە گوندەکانیان بکەن ,کە ئەگەرێکی زۆری هەیە چەند ساڵێکی دی گوندەکان بەیەك جاری چۆڵ بکرێت ,بۆ یە زۆر گرنگە کە حکومەتی یەکرتوو وئەو وەزارەتانەی کە پەیوەستن بەم بارووددۆخەوە لە هەوڵی بەرنامەرێژیەکی تۆکمەدا بن بۆ ڕێگرتن لەم دۆخە و ئاوڕێکی تەواو بدەنەوە لە گوندەکان.

عەسکەرتاریەت وگوندنشینەکان:

فاکتەرێکی نێگەتیڤی بنەڕەتی کە بووە هۆی ڕێگایەك بۆ گەنجی گوندنشیناکان وەك پەناگەیەك بۆ بژێوی ژیان و بەساناترین شێوە بتوانن ببنە خاوەنی برێکی زۆر لە داهات کەئەمەش کاردانەوەی تەواوی هەبوو لە سەر گوندنشینەکان و بووە هۆکارێك کە کاریگەری تەواوی هەبوو لە سەر چۆڵ بوونی گوندەکان کە دەسەلاّت لەم شێوە مامەڵەکردنەدا کارێکی هەڵەی کرد کەدەبوو بە شێوازێکی سیستماتیك و لەبەرچاو گرتنی ئەو کەسانەی کە ڕوو لە دەزگاکانی ناوخۆ دەکەن چ وەك پۆلیس بێت یان وەك هێزی پێشمەرگە بتوانرێت نەبێتە هۆی ئەوەی کە گوندنشینەکان بەیەك جاری گوندەکانیان بە جێبهێڵن کە نەك دەسەلاّت نەیتوانیووە ڕێگربێت بەڵکو بە پێچەوانەوە گوندنشینێکی زۆریان لە خۆیان کۆکردووەتەوە و مووچەیەکی باشیان دەدرێتێ کەچەندین جار زیارترە لە موچەی خوێندکارێکی کەتازە زانکۆ تەواو دەکات چ جای ئەوەی کە

خوێندکارەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان بەدەست چاوەڕوانی دامەزراندنەوە توشی بێئومێدیەکی گەورەبوونە ,بۆیە ئەم هۆکـارە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دەستگرتنی گەنجەکانی گوندنشینەکان بۆ شار.

**جیاواری حیزبی:**

چەند گوندێك بەهۆی بوونی بالادەستی کەسێتی حیزبی خزمەتی زۆر دەکرێت و چەند گوندێکی دی فـەرامۆش دەکرێـت ,کـە ئەمەش کاریگەری زۆری دەبێت لـە چـۆڵکردنی گونـدەکان هـەر لەکردنـەوەی چـەند نەخۆشـخانەوقوتا بخانەو تەنانـەت گەیاندنی تەزووی کارەبا بۆ ئەو گوندانەی خاوەنی کەسێکی بەرپرس بێت بە پێچەوانەوە خزمەت نەکردنی ئەو گوندانـەی کە دەنگیان ناگاتـە دەسـەڵات ئەمـەش کاریگەریـەکی نێگـەتیڤی دەبێـت لەسـەر ئاوەدانکردنـەوەی گونـدەکان ,مـەرجی خزمەتکردنی گوندەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ بێت دوور لەئایدیای حیزبی و کەسێتی ناودار بەمەش دەتوانرێـت پارمـەتی هەموو گوندەکان بدرێت بەیەك ئاست.

لەم هۆکارانەی کەبەکورتی باسمـان کـرد دەگەینـە ئـەو دەرەنجامـەی کـە دەسـەڵات ئەوەنـدەی لـە هـەوڵی چـۆڵکردنی گوندەکاندایە نیو هێندە هەوڵ نادات خزمەت بە گونـدەکان بکـات و ڕێگابگرێـت لـەم شـەپۆلی چـۆڵبوونی گونـدەکان کـە کاریگەریەکانی ڕوون و ئاشکران زیانێکی گەورەی داوە لەئابووری کوردستان هەرلە گرانبوونی بـازاڕ تـا دەگاتـە قـەیرانی نیشتەجێبوون و چڕی شار وکەمبوونی بژێوی هاوولاتیان.

ئەگەر ئەم ساڵانەی دوایدا بە نموونە وەربگرین دەبینین گوندەکان نەك ڕوو لەچۆڵبوون دەکەن بـەڵکو بەتـەواوەتی زۆربـەی گوندە خزمەت نەکراوەکان تەنانەت یەك ماڵی تیا بـەدی ناکرێـت ,وەك ئەنـدازیارێکی کـشتوکاڵی ماوەیـەك لەمەوبـەر لەخولێکی هاوینەدا بەشداربووم و زیاتر لە ( 60 ) گوندم بەسەرکردۆتەوە کەسـەر بەشارۆچـکەی چەمـچەماڵ بـوون چـەند گوندێك لەچەند ناحیەیەك بە نموونە وەرمان گرت, پاش پرسیارکردن لەگوندنـشینەکان و وەرگرتنـی ئامـاری کـشتوکاڵی دەرەنجامێکی زۆر نێگەتیڤمان دەستکەوت کە پێشبینی ئەوە نەدەکرا گوندەکان هێنـدە دوور بـن لـە کـاری کـشتوکاڵی کـە زۆرینەی هاولاتیان پێیان وابوو دەسەڵات ناتوانێت خزمەت بەچینی جوتیار بکات هەڕەشەی چۆڵ بوونیان دەکرد و تەنانەت لـەزۆر گونـد هـیچ بـەروبوومێك نەچـێنرابوو ئەمـەش دەگەڕێننـەوە بـۆ پارمـەتی نـەدانی حکومـەت ,هـەروەها زۆرێـك لەگوندنشینەکان سکالای ئەوەیان لە حکومەت دەکرد لە کاتی هەڵبژاردندا و کاتی پێویـستیدا بەسـەریان دەکەنـەوە و کـە ئیشیان پێیان نەما فەرامۆشیان دەکەن,دەبایە دەسەڵات ئەوەی لەیاد نەکردایە کەگوندەکان پێشەنگی قوربانی و وئـەنفال و سوتاندی ماڵ و دەیان دەردەسەری کوێرەوەری بوونە, بۆیە ناکرێت لەمافە سەرەتایەکانی خۆیان بێبەش بکرێن هەرچەندە ئەمڕۆ دەسەلاتی کوردی لە بەغدا لە قۆناغێکی ناسکدایە و لەلایەن عـەرەبی شـۆڤێنیەوە ڕێگـری دەکرێـت لەخەونـەکانی بەلام هەرگیز گەرەنتی ئەوە نییە کە بارووداخ بەرەو باشتر بڕوا و پارمەتی گوندەکان بدرێت لەکاتێکدا کـە هاوولاتیـانی شار بەدەست قەیرانی سوتەمەنی و کارەباوە لە بێزاریدان ئەمەش دەکاتە ئەوەی کە گرنگـە سـەرانی کـورد سـازش نەکـەن لەمافە ڕەوەکانی خۆیان و هەوڵی بنبڕکردنی گەندەڵی بدرێت کە ئەمرۆ لە فراوان بووندایە و بووەتـە کێـشەیەکی گـەورەی تاکی کورد.

ئەگەر ڕێت بکەوێتە هەر گوندێکی کوردستان لە پاشماوەی ڕووخان و سوتاندن و خوێنی شەهید زیـاتر هـیچ بـەدی ناکـەیت ئەوانەی لە گوندەکاندا دەژین جگە لە دایك و باوکی شەهید و منداڵی ئەنفال و ئەو کەسانەی کە بەدەستی ڕژێمـی بەعـسی کەمئەندام کران کەس بەدی ناکرێت هەر لەکەلاوە کۆنەکانی سەردەمی ئـەنفال و قوتا بخانـە ڕووخاوەکـان هـەتا دەگاتـە دیواری مزگەوتەکان هەروەك و خۆی لە زۆربەی گوندەکاندا ماوەتەوە بۆیە ئەگەر دەسەڵات دەیەوێت خزمـەتی بـە پاشماوەی ئەنفال و ئەو کەسانەی بە خوێنی گەشیان ئەمڕۆیان دروست گرنگە لە و چووغزی ناوچەگەرێتییە دەربچێت و لـە خزمـەتی گوندەکاندا بێت بەبێ جیاوازی ,هەڵە دەکەین ئەگەر بڵێین گوندەکان خزمەت نەکراوە بەلام بە پێـی پێویـست نـەتوانراوە خزمەتی گوندەکان بکرێت .

کارەساتەکە لەوەدایە لە شەڕی ناوخۆ و ئەو قۆناغە هەستیارانەی کە بەسەر میللەتی کوردا هات گوندەکان بەم شێوازەی ئێستا ڕوو لەچۆڵبوون نەبوو دەکرێت بپرسین .ئایا خۆ ئێستا خەڵکی لە ژیانی ئاسایدا دەژێت و هیچ ترسی شەڕو ماڵ وێرانی نەماوە ئەی بۆچی گوندەکا نمان ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچێت و کەسیش بەدووی وەڵامی ئەم پرسیارەدا ناگەڕێت ؟ئایا بەتەنها دەسەڵات بەرپرسیارە لە چۆڵکردنی گوندەکان یان گوندنشینەکانیش؟؟؟؟

omargalal2004@yahoo.com